www.kurdistannet.org

# نامەیەکی کراوە

بۆ:

بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)

هەموو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوید و وڵاتانی تر

سڵاو و رێزمان:

ئێمەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوید، وەک هەموو کوردێکی رۆشنبیر و دڵسۆز بە گەلەکەمان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەم نامە کراویە ئاڕاستەی بەڕێزتان بکەین، بە تایبەتی دەزانین، چارەسەرنەکردن و پشتگوێ خستنی داواکارییەکەمان دەبێتە مایەی واز هێنان و دەستکێشانەوەی زۆربەی لایەنگیرانی پارتیمان لە دەرەوەی کوردستان و بە تایبەتی لە سوید.

بەڕێزان: داواتان لێدەکەین کە بە زووترین کات لیژنەی ناوچەی سوید بخرێتە بەر دەم لێکۆڵینەوە و بەرپرسیارییەوە سەبارەت بەو دەستکەوتە مادییانەی لە رێگای ئابوونە و بارمتەی ئەندامان و پارەی تەزکییەی گەڕانەوەی خەڵکییەوە بە دەستی دەهێنن، بزانرێ ئەو پارانە بۆ چ شتێک سەرف دەکرێن و بۆ کوێ دەچن.

ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ بەرپرسی ئەو کارەن لیستی خەیاڵی دروستکراو بۆ مەسروفات و کرێی بارەگا و موچەی خۆیان و سەیارە و بەنزین دروست دەکەن. ئەم کارەیان وای کردووە ئیستا هەندێ لە ئەندامان بڕیاریان داوە ئیتر ئابوونەی ئەندامێتی نەدەن، یان دەستیان لە کارکردنی سیاسی کێشاوەتەوە.

بەڕێزان دڵسۆزانی گەل و پارتی: ئێمە کاتێک ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسین بریتین لە 15 ئەندامی پارتی لەگەڵ ژمارەیەک لەو کەسانەی وازیان هێناوە، کە نامانەوێت ناوی ئاشکرای خۆمانتان لێرەدا بنووسین، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێک رەخنەیەکی وا ئاڕاستەیان بکات لە بری لێکۆڵینەوە و دەستخۆشی و ئافەرین کردن، لە لایەن ئەو لیژنانەی کە رێکخستنی پارتییان بە دەستە، موحاسەبە دەکرێن یان پاش ڕسوا کردنیان وەک ئەندامێکی بێ ئەمەک دەر دەکرێن. ئەوانە کە چەندین ساڵە لە ئەوروپادا دەژین، هێندە بە گیانی نادیموکراتیی و نادڵسۆزییەوە کار دەکەن دڵی زۆر کەسیان لە خۆیان رەنجاندووە، ئەوانە سیاسەت و پارتایەتی نازانن و بۆ ئێمە و کورد کارناکەن، بۆ بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان، بازرگانی بە بیروباوەڕ و پارتییەکەمانەوە دەکەن. بفەرموون و بپرسن بۆچی ئەندامانی لیژنەی ناوچەکانیان مانگانە بە دزییەوە لە سەر و 20 هەزار کرۆنی سویدی موچە بۆ خۆیان دەبڕنەوە و هیچ لایەکیش ئاگادار ناکرێنەوە!؟ لە گەڵ پارەی مەسرەفی تردا کە لە ژێرەوە رەدەڵوبەدەڵی دەکەن؟ بپرسن هۆی چییە و چۆن هەندێکیان نوێترین سەیارەیان لە ژێردایە و بەردەوام سەفەر و گەشتی دوورە وڵات دەکەن؟! یان هاوبەشی دوکان کڕین و پرۆژەی گەورە دەکەن!؟ بپرسن چۆن مەسرەفی چا و قاوەخواردنەوەیان لە ساڵێکدا دەگاتە شەست هەزار کرۆنی سویدی، یان بەنزینی

www.kurdistannet.org
سەیارەکانیان لە ساڵێکدا لە 200 هەزار کرۆنی سویدی تێ دەپەڕێت ! ئەگەر وا نییە ئەو پارە و داهاتانەی وەری دەگرین چی لێ بەسەر دێت!؟

داهاتی ئەمساڵی پارتیمان لە سوید لە سەرو ملیۆن و نیوێک کرۆنی سویدییەوە بووە، کەچی لیژنەکە خۆیان خستۆتە سەر ساجی عەلی و ئیستا دەست دەگرنەوە، هەر لێپرسراوێکی پارتیمان لە کوردستانەوە دێت، پەیتا پەیتا پێشنیار و داوای پارە دەکەن، بیر لەوەش دەکەنەوە کە پارەی تەزکییەی حیزبی لە سەر کوردەکانی دەرەوەی وڵاتیش زیاد بکەن.

کوردەکانی دەرەوەی وڵات، کە ئێمەش بەشێکین لەوان لە کاتی گەڕانەوەیان لە ڕێگای سوریاوە، دەبێت پارە بەم لیژنەیە بدەن، بە پێچەوانەی لقی پارتیمان لە ئەمەریکا کە پولێک لە کوردەکانی ئەمەریکا وەرناگرن، ئیستا ئەمان نیازیان وایە ئەو پارەیە بکەن بە 50 ئیرۆ (نزیکەی 50 دۆلار). کەس توانای ئەوەی نییە تا دەگاتەوە ناو کەسوکاری خۆی (200 _ 300) دۆلار سەرف بکات. ئەگەر ئەو پارەیە بۆ حیزب و شەهیدانی کوردستان بوایە، کەس لاریی لێ نەدەبوو. هەتا هیچ دەوڵەتێک کاتێک هاووڵاتییەکی لە دەرەوەی وڵات بۆ سەردان دەگەڕێتەوە گومرگ ناخەنە سەری. کەچی لەو ئەزمونە نوێیەی حکومەتی هەرێمدا ئەوە دەکرێت، زۆر کەس بە تورەییەوە لێمان دەپرسن ئەرێ ئەوانە ئەمە بۆ دەکەن؟ بێگومان هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشی و لێ نەپرسینەوەی دەسەڵاتی سەرەوە، کە هێندە متمانە و مافیان بەم کەسانە داوە، بۆیە ئەمانیش لە دەرەوەی مەسئولییەتی خۆیان رەفتار دەکەن.

زۆربەی ئەو کوردانەی لە ئەوروپا و وڵاتانی تردا دەژین، باری ئابووری و دەرامەتیان باش نییە. ئەوانە لە کاتی سەردان و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، خۆیان دەخەنە ژێر باری قەرزی بانک و دۆست و ناسیاوەکانیانەوە، بە جۆرێک دەتوانرێت بوترێت کە یەکێک لە هەرە هۆیە سەرەکێکانی گیروگرفتی ئەمڕۆی خێزانی کورد لە ئەوروپا جیابوونەوە و تەلاقدانە، یەکێک بۆ لە هۆکان دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری و بێدەرامەتی ئەو خێزانانە. ئەوانە بە هۆی یارمەتی کەسوکاریان لە کوردستان و سەفەر و گەڕانەوەیان، ناتوانن وەکو جاران ئیدارەی ماڵی خۆیان بکەن. ئێمەش لە بری ئەوەی ئەرک و باری سەر شانی ئەو خیزانە کوردانە سوکتر بکەین و زیاتریش هانیان بدەین سەردانی خاک و کەسی خۆیان لە کوردستان بکەن،بۆ دەبێت لیژنەیەکی بێ ئینسافی ناوچەی پارتیمان بیر لەوە دەکەنەوە زیاتر پارە لە سەفەرکردنی ئەو کەسانە وەربگرن و گیرفانی خۆیان بە پارەی نامەشروع و نارەوا پڕ بکەن؟

بەڕێزان: ئەمە تەنیا نارەزایی ئێمە نییە، بەڵکو نارەزایی هەموو ئەو خێزان و کەسە کوردانەشە کە دەیانەوێت لە سوریاوە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، یان گەڕاونەتەوە و ، لە لایەن دەسەڵاتدارانیحکومەتی سوریاوە نا، بەڵکو لە لایەن لێپرسراوانی پارتیمانەوە، تووشی ناخۆشی و نارەحەتی و موعامەلەی نامرۆڤانە دەبن کە ئەم لێپرسراوانە دژی خواست و ئامانجەکانی پارتیمان هەڵسوکەوت دەکەن.

www.kurdistannet.org

له سوريا هەر هاووڵاتییەکی کورد تەزکییەی پارتیمانی پێ نەبێت، کە بە تەنسیقێکی نهێنی نیوان لیژنەکانی پارتی لە ئەوروپا و (لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سوريا/قامیشلی) توشی ئازاری دەرونیی و ئیهانەکردن دەبن، وەک تاوانبارێک سزا دەدرێن لە بری کاری گەڕانەوەیان بۆ ئاسان بکرێت چەند رۆژێک لە ئوتێلە دیاریکراوەکانی خۆیاندا دەیان هێڵنەوە، تا مەسرەفی زیاتر بکەن، ئەو ئوتێلانەش هاوکارییان لەگەڵ لێپرسراوەکانی لیژنەی پەیوەندییەکاندا هەیە و بە پارەیەکی زۆر لەو ئوتێلانەدا جێگایان دەکەنەوە. ئەو کەسانەی کە نامەی تەزکییەیان لە بیر چووبێت یان هەر پێیان نەبێت دووقات پارەیان لێ دەستێنن. پەساپۆرت دەبێت تەنها لە لای خۆیان بە پارەیەکی زۆر فۆتۆکۆپی بکرێت.
سیارەکان دەبێت کە بۆ گواستنەوە بەکار دەهێنرێت دەبێت ئەمان مامەلە بکەن و پارەکان ئەو لێپرسراوانە وەری دەگرن و لە لاوە بە سایەقەکەی دەدەن و لە 75%ی بۆ خۆیان هەڵدەگرن. ئازارێکی زۆر و پارەیەکی زۆر زیاد لەو خەڵکانە دەسەنن، ماوەیەکی زۆر لە سەر سنور دەیان هێڵنەوە، پارەکانیش لەگەڵ لیژنەکانی ئەوروپادا دابەش دەکرێن! ئایا هیچ کەس لە ئێوەی بەڕێز ئاگاداری ئەم کارانەیە؟
ئایا ئەم کارە دزێوانە لە بەرژەوەندی پارتیمان و ئەزمونە دیموکراتییەکەی حکومەتی هەرێمە؟ ئایا ئەو لێژنانە بۆ ئەوە کار دەکەن کە ئازاری هاووڵاتی بدەن و باری سەرشانیان ئاسان بکەن؟ خەڵکی لە سەردانی کوردستان تەرە بکەن؟ یان بە پێچەوانەوە یارمەتییان بدەن؟
بەڕێزان: نامەکەمان فەرامۆش مەکەن، ئەمە نامەیەکی ناڕەزایی و نائومێدی خەڵکی کوردە لە دەرەوەی کوردستان. ئێمەی دڵسۆزان و ئەندامانی پارتی پێویستیمان بە دۆست و هاریکاری هەموو لایەکە، نەک بە دوژمن و دورکەوتنەوە و دڵکرمێ بوونی خەڵکی. ئێمە دەبێت کەسانی دڵسۆز و مرۆڤی لە خۆبورد بۆ خزمەتی خاک و نیشتیمان و هاووڵاتی بخەینە شوێنی راستەقینەی خۆیان، نەک کەسانی خۆپەرست ناپاک و پیاوخراپ و سەمعە و ناومان خراپ بکەن و ئیمە لێرە ڕوومان نەیەت وەک پارتییەک خۆمان بەرینە پێشەوە. بە هیوای کارکردن بۆ راستکردنەوەی کەموکوری و ناتەواوییەکان، چاوەڕوانین و ئومێدمان پێتانە و بە دڵسۆزی پارتی و ئامانجەکانی ئەم نامە کراوەیەمان نوسی، تا هەموو لایەکیش بزانن کە پارتی کەسانی دڵسۆزی زۆرترە و بە تەنگەوە دێن.

15 ئەندام لە بری دەنگە ناڕەزاییەکانی کوردی سوید لەم شارانەی خوارەوە:
4 ئەندام لە یۆتەبۆری
3 ئەندام لە مالموێ
6 ئەندام لە ستۆکهۆڵم و ماشتا
2 ئەندام لە سوندسڤاڵ و ئوێرەبرو

2002.05.07